# ئاینده‌ی عێرا ق

## له د ید ێکی هه ستیارانه‌وه

جه لا ل به‌رزنجی

له به ر ئه وه‌ی من نووسه‌رێکی سیاسی نیم ره‌نگه بۆ چوونه کانم زیا تر له تێڕا مانێکی شاعیرا نه‌و بۆ چوونێکی (ئه حساساتی) نزیك بن , زۆر جار به خۆم ده‌ڵێم شیعری خۆت بنووسه‌و چیت به هوڕێنانه دا وه , که‌وا ره‌نگه له خه‌ون نزیك تربن له واقیع . به لآم جاروبار په‌له هه‌وری هه‌ندێك بۆچوون مێشکم ده‌گرن ومنیش هه ر ئاوا ده‌یانووسم

دیاره کرداری ره‌شه کوژی له عێراق .به هێلێکی به‌رزوو نزمی دا ده‌ڕوات , نه ك روو له که می , سه دامیه کان و زه‌رقاویه کان و هه ندێك گروپی سوونی تووند ره‌وو ناسیونالیست ( شه‌ڕی سیڤیلی) یه‌ك لایانه‌یان له عێراق راگه یاندوو , ئه وان شه‌ڕ له گه‌ڵ ته‌ڕو وشکدا ده‌که‌ن و که س ناپارێزن , له گه‌ڵ ئه‌وه‌ی رۆژا نه له سه‌رتاسه‌ری عێراق و هه‌نێك جار کوردستانش ده یان که‌س ده بنه سوو ته‌مه‌نی ئه‌م شه‌ڕه نگریسه , به لآم چونکه هێشتا هه‌ر حکوومه‌تی عێراق ئه م شه‌ڕه ده‌کات و خه‌ڵکی را سته‌و خۆ ئه م دژه شه‌ڕه نا که‌ن شه‌ڕه که تا ئێستا نه بۆیه شه‌ڕێکی (سیڤیلی) سه‌رتا سه‌ری , ئه م خۆ کۆنتڕۆڵ کردنه‌ی گه‌لانی عێراق خاڵێکی با شه بۆ ئه‌وه‌ی عێرا ق وه‌ك و(رواندا‌و) (سودانی) لێنه یه‌ت و رۆژانه له شه قامه کاندا کوشتاری ده‌سته‌ویه‌خه نه کرێت. له م سه ده‌یه ترسناکی .تیرۆریزم بۆته دیارده یه‌کی گلۆبۆڵ و سه رکرده کانی تیرۆریزم توا نای دا رای باشیان له به‌ر ده ست دا یه بۆ پێگه یاندن و مێشك شۆرینی گه نجان و کاریگه ری روحی له سه‌ریان , که ئه‌وا نه زه‌خیره‌ن بۆ به‌رده‌وام بوونیان له م شه‌ڕه .

له گه‌ڵ ئه‌وه‌ی ئه‌ففغابستان قه‌ڵای تیرۆرستان بوو , چوونکه سنووری جیاوازی هه بوو له گه‌ڵ ئه و سنووره‌ی عێراق هه‌یه‌تی ئوسامه بن لادن وه‌ك و قه‌له ره‌ش فریه تۆرابۆرا , له گه‌ڵ ئه‌وه‌ی ناوه ناوه کاری تیرۆ رستی له وێش روو ده‌دات به لآم جیا وازی گه‌لێك زۆره له گه‌ڵ عێراق , کاتی خۆی که سه‌دامی فاشی رووخاو گونده کانی کوردستانی ده‌ڕوخاند ئه و قسه‌یه باو بوو( بۆ ئه‌وه‌ی بته‌وێ ماسیه کانی ناو گۆمێك بگری ده‌بێ سه‌رچاوه‌ی ئاوی گۆمه که بگریت )چونکه زۆری زه‌حمه‌تیه کانی پێشمه‌رگه له سه‌ر شانی گوند نشینیه کان بوو خاپوور کردنی چوا ره‌ه زارو‌پێنج سه‌د گوندی کوردستان بۆ لا واز کردنی شۆڕشی کورد بوو .

ئه وه سه‌لمێنراوه كه‌وا رێژه‌یه‌كی زۆر تیرۆریستان له سنووره‌كانی عیراق دێنه ژووره‌و,
ئایه به‌ره‌ی ئه‌نتی تیرۆر ده‌توا نن كا رگه‌كانی مێشك شۆرین و دروست كردنی تیرۆرستان له م
ولاَتانه رابگرێ كه تیرۆر ستان به‌ر هه‌م ده هێنن ؟  ئه گه‌ر ئه‌وه شی پێ ناكرێ ئایه
ده‌تۆا نی سنووره كانی عێراق كۆنترۆڵ كات؟  ئه گه‌ر ئه وانه‌شی كرد ده‌كرێ ده‌كرێ قه
ناعه‌ت به عه‌ره‌به سوونیه كانی عێراق بهێنێ بچنه ژێر باڵی حكوومه‌تێك شیعه كان به
ڕێوه‌ی ببه‌ن؟  كه وا تا ئێستا به پێچه وانه بووه . یان ده‌كرێ قه ناعه‌تی ته‌واو بێ فرتوو
فێڵ وخافلاَندن به هه‌ردوولایان بكرێت كه‌وا ئه‌م مه سه‌له گرنگ و چاره‌نووس سازانه‌ی
نێوان ئه وان و كورد به هه‌ڵوا سرا وی ماوه‌ته‌وه عادیلانه چاره‌سه‌ربكرێت وه‌لاَ می ئه‌م
پرسیارا نه په‌یوه‌ندی به ئاینده‌ی عێراق هه‌یه.به بێ گوێ دا نه رای ولاَتانی هه‌رێم و
هه‌ندێك ئه‌گه‌ری تركه له‌گۆڕێدان. هه لۆێست وه‌رگرتنێكی ئازا یانه‌ی به ره‌ی دژه تیرۆرده توا
نێ قه‌د بڕ بچێته ناو كرۆكی ناكۆكیه كان و عێراق  بكرێته سێ ولاَتی جیاوازو هه‌ر یه‌كه‌و
سنووری خۆی بپارێزێ ئه‌گه‌ر ئه‌م بۆچوونه (ئه‌حساساتتیش) بێت له خه‌ون نزیك تر بێت
به‌بۆچوونی زۆربه‌ی خه‌ڵك رێگه چاره یه‌كی هه میشه‌یی و چاكردنه‌وه‌ی هه‌ڵه وغه‌درێكی
مێژوویه ! .